## چیرۆك

# تارمایی پیاوە کوژراوەکە



عومەر کەریم بەرزنجی

تارماییەك لەودیو پەنجەرەی ژوورەکەوە دەهات و دەچوو, وات هەست کرد دەرگاکە دەجولێت, راچڵەکیت..هەڵوێستەیەکت کرد, نەجوڵەیەکت بینی و نەچرپەیەکت بیست, بەگومانەوە نیگای پەنجەرەو دەرگاکەت کرد, وەك گومانت لەهەستی بینین و بیستنت کردبێت..هەستایت و دەستت بەدەرگاو پەنجەرەکەدا هێنا..نەجوڵابوون لەبەردەم پەنجەرەکەدا راوەستای ..هەناسەیەکی قووڵت هەڵکێشا, چاوت بەحەوشەکەدا گێڕا نیگات لەسەر ئەو چاڵە داپۆشراوە گیرسایەوە, کە لەتەنیشت دارتووەکەدا بوو هەستت بەگرژی دەمارەکانی لەشت دەکرد, بیرکردنەوەت ئاڵۆزا, نەفرەتت لەو رۆژەش کرد کەتیایدا لەدایك بوویت, لەو رۆژەیش ئەو تاوانەت تیایدا ئەنجامدا موچرکێك لە تەوقی سەرتەوە تا بەری پێتی داگرت, لەبەر خۆتەوە دەتگوت (چۆن ژیانم لە خۆم کرد بەدۆزەخ.. نا وانیە بۆ کردوومە بەدۆزەخ.. ئەی ئەوەنیە ئارامم لەبەربڕاوە, ئای ئەمە هەمووی وەهمە یان حەقیقەت).

تارمایی ئەو پشیلە رەشەت هاتەوە پێش چاو, لەو شەوە ئەنگوستە چاوەدا, شەوێك دوای ئەنجامدانی تاوانەکە, لەقوڵایی خەوێکی شیریندا رایچڵەکاندیت, جێ دەمی لەسەر لاملت دیار بوو شین بووبوّوە, وای بۆ دەچوویت بەنیازی خنکاندنت بووبێت, دەمانچەکەت لەژێر سەرینەکەدا دەرهێنا, بەناو ماڵەکەدا دەستت بەگەڕان کرد.. هیچت بەرچاو نەکەوت لەحەوشەکەدا هەستت بەجوڵەیەك دەکرد, تەمێکی باریکی شین باو بەشێوەیەکی ئاسۆیی لەسەر گۆڕەکەدا بەرەو ناخی گۆڕەکە دەچوو.

ئەو شەوە لەترساندا خەوت زڕا, زۆرماندووبوویت, سەرت قورس بوو, شانت دایە سەر سەرینەکە, بێئاگا چاوت چووەخەو, مامە رەزات بینی لەپشت سەرتەوە, بەگۆچانەکەی دەستیەوە راوەستابوو بەچرپە بۆت دەدوا ((کوڕم بۆ وات کرد, سەر لەنوێ مێژووی قابیلت دووبارە کردەوە, کوڕم کەوتوویتە بەر نەفرەتی خواوەند, تا دەمری تارمایی حەمەت لەکۆڵ نابێتەوە بۆ کوێ بچیت هەر بەدواتەوەیە, لە بیرت چوو رۆحیانەتی پیری شەوکێڵ چی بەسەر هێنام )).

راچڵەکیت هەستایتە سەر پێ چاوت بەژوورەکەدا گێڕا فیلمی ئەو رۆژەت هاتە پێش چاو, کەمێك لە دووری پیری شەوکێڵ لەگەڵ حەمەدا دارتان دەبڕییەوە, مامە رەزایش خەریکی دارەکەی پیری شەوکێڵ بوو بیبڕێتەوە لەناکاو گوێتان بە نەڕەی شێرێك زرنگایەوە. کە ئاوێزانی هاواری مامە رەزا بوو بوو بەدەم هاوارەکەیەوە چوون, جگە لە مامە رەزا کە کەوتبووە سەر عەردەکەو بەگیانی خوێناوییەوە دەتلایەوە هیچی دیکەتان بەرچاو نەکەوت, مامە رەزا ڕانێکی هەمووی جێ کەڵبە بوو لە دەمارەکانیەوە خوێن فیچقەی دەکرد, لەگەڵ حەمەدا چوونە بن باڵی هەرچۆنێك بوو سواری گوێ درێژێکتان کردوو بەرەو ئاوایی گەڕانەوە, مامە رەزا بەدەم ژانێکی قوڵەوە دەیگوت(( هەر لەبنی دارەکەوە هاتە دەرەوەو ئامبازم بوو ئەوە رۆحیانەتی پیری شەوکێڵ بوو... دەست بەردارمان بێت باشە.. خوایە شەکورم )) کاتێك گەیشتەوە ئاوایی, خەڵك کۆبوونەوە, هەموان

بەسەر سووڕمانەوە گوێیان بۆ ڕاگرتبوون هەندێك لە پیرانی ئاوایی لە زویربوونی ڕۆحیانەتی پیری شەوكێڵ نیگەران بوون بەتوڕەییەوە دەیان گووت ((چۆن كاری وا سەرشێتانە دەكەن )).
ڕدێن سپییانی ئاوایی بەسەرهاتی ئەو سەربازە عێراقییەیان دەگێڕایەوە, كە لەسالأنی زوودا دەمەو عەسرێك, بەكلاشینكۆفەكەی دەستی. كۆترێك دەكوژێت كە بەسەر دارەكەی نزرگەی پیری شەوكێڵەوە نیشتبۆوە, هەردوای تەقە كردنەكە دەستە ڕاستی لەئیش دەكەوێت, لەو ڕۆژەوە خەڵكی ئاوایی سڵیان لەوە دەكردەوە هەرچ شتێك بەرانبەر ئەو نزرگەیە بكەن.. لەو ڕۆژەوە مامە ڕەزا بوو بە ڕەزا شەل تا مرد بەو ئازارەوە دەتلایەوە.. هەمیشە سڵی لە ڕۆحیانەتی پیری شەوكێڵ دەكردەوە قسەكانی ئەو ڕۆژەی حەمەت هاتەوە یاد.



-كاكە تۆ باوەڕ بەو شتانە دێنیت, خۆ ئێمە هیچمان بەرچاو نەكەوت!
*حەمە گیان بەلأم گێمان لە نەڕەی شێرەكە بوو وانیە؟
-با وایە, بەلأم نەمان بینی.
*ڕاستە نەمان بینی, بەلأم گوێمان لە دەنگەكەی بوو مامە ڕەزایش خۆی بینی بووی‌و ئاوایشی بەسەردا هێنا كە خۆمان بینیمان.
-تا ئێستاش وەك خەونێك دێتە پێش چاوم.
تریفەی جوانی مانگەشەو كە لە پەنجەرەكەوە دەهاتە ژورەوە سەرنجی ڕاكێشایت فیلمی یادەكانت پچڕا دەستت خستە ژێر چەناگەو, سڵت لە تریفەی مانگەشەویش دەكردەوە, بەگومانەوە لەهەموو شتێكت دەڕوانی, ماندوو شەكەت بوویت, سەیرێكی دەرگاو پەنجەرەكەت كرد داخرابوون, شتێكت شك نەدەبرد ماندوویت بڕەوێنێتەوە كرمی گومان لەناخەوە دەیخواردیت, لەسەر جێگاكەت ڕاكشایت, هەر زوو چاوەكانت چووە خەو, هەلۆیەكی زەبەلاح لە پەنجەرەكەوە خۆی كرد بەژووردا چاوەكانی لە كەڵەپشكۆیەكی سوور دەچوو, هەركە باڵەكانی لێك دەدا, وەك گەواڵە هەورێكی توڕە چەخماخەی دەدا,گرێكی سپی لەژێر باڵەكانیەوە دەهاتە دەرەوە, ناو ژوورەكە بوو بە كوورەیەكی ئاگرین" لەخەو ڕاپەڕیت هیچت پێش چاو نەكەوت دەرگاو پەنجەرەكە هەر بەداخراوی مابوونەوە.. لەسەر جێگاكەت لاچویت, دەرگای ژورەكەت كردەوە, پاچ و خاكەنازەكەت گرت بەدەستەوە, بەو شەوە كە دنیا لە گۆڕستانێكی بێدەنگ دەچوو, جگە لە سروەی بایەك كە چڵی درەختەكانی دەلەراندەوەو تریفەی مانگ و پرشنگی ئەستێرەكان هیچی ترت بەرچاو نەكەوت لەو شەوە بێدەنگەدا, بەتەنیاو بەبێ دەنگ, بەكۆڵانەكانی ئاوایی دا ڕێگەی گۆڕستانەكەی پشت ئاوایت گرتەبەر, بەبێ وچان ڕێگەت دەبڕی, لە سەرەتای گۆڕستانەكەدا لە تەنیشت گۆڕەكەی مامە ڕەزاوە, دەستت كرد بە هەڵكەندنی گۆڕێك, بێئەوەی سڵ لە هیچ شتێك بكەیتەوە, جاران هەر كە بەتەنیشت گۆڕستانەكەدا دەڕۆیشتیت تا تەواوی گۆڕستانەكەت بەجێ دەهێشت ترس و سامێكی زۆر ناختی داگیردەكرد, لەگەڵ تەواو كردنی گۆڕەكەدا, بەپەلە گەڕایتەوە ئاوایی... بەپەیژەكەدا شۆڕبوویتەوە ماڵەوە لەبەردەم تەنكی ئاوەكەدا, كە چەند هەنگاوێك لە خوار گۆڕەكەی حەمەوە بوو ڕاوەستایت دەمت تەڕكرد, كەمێك وچانت دا, دەستت كرد بە هەڵدانەوەی چاڵەكەی بەردەم دارتووەكە, تەرمێكی پارچە پارچە كراوت دەرهێنا..كەلە

سەرێك..دووقاچ..دوو دەست بەقرتاوی لە وێنەی حەلاجێکی شێواو دەچوو..کردتە ناو گوێنیەکەی تەنیشتت, لاشە هەلا هەلا کراوەکەت دا بەکوڵداو ڕێگەی گۆڕستانەکەت گرتە بەر, وێنەی قابیلت هاتە بەرچاو کاتێك تەرمی هابیلی دابوو بەکوڵیاو نەیئەزانی چی لێبکات تا خوا قەلە ڕەشی بۆ ناردوو فێری ناشتنی کرد..لەخۆت دەپرسی ((دەبێت لە پەشیمانیدا شڵەژابێت و نەیزانیبێت چی لێبکات.. یان عەقڵی پێی نەدەشکا)) هەنگاوەکانت بەرەو گۆڕە هەڵکەندراوەکە دەیان بردیت.. لەبەر تریفەی مانگە شەوەکەدا هەموو شتەکان بەجوانی دەبینیت, نیگاکانت بەنووسینی سەر کێلێکەوە دەگیرسێنەوە:



*مێژوو لاڵە, مێژوو کەڕە, مێژوو کوێرە
هابیل برای قابیل نەبووە,
مێژوو, سەربردەکانی خۆی بەهەڵە
دەگێڕێتەوە.

هەڵوێستەیەك دەکەیت, چاو بەدەوروبەردا دەگێڕێت, لە بەردەم گۆڕە هەڵکەندراوەکەدا, تەرمەکەی کۆڵت دادەگریت..دەیخەیتە ناو گۆڕەکەوە..دەتەوێت گڵەکە بکەیت بەسەریاو دایپۆشیت..هەست بەجوڵەیەکی سەیردەکەیت..ڕەنگت زەرد هەڵدەگەڕێت..گیانت دەکەوێتە لەرزین..گۆڕەکان دەقڵیشێنەوە..مردووەکان لە گۆڕەکانیان هەڵدەستنەوە..دەکەویتە ڕاکردن..مردووەکان شوێنت دەکەون تا دەگەیتە ناو ئاوایی ئاوڕ نادەیتەوە...لە ئاوایی دا هیچ جوڵەیەك نابینیت بەبێ چرپەو لەسەر خۆ بەپەیژەکەدا شۆڕ دەبیتەوە بۆ ناو ماڵەوە...دەنگێك لە ناختا دەزرنگێتەوە ((کوڕم کەوتویتە بەر نەفرەتی خواوەند, تا دەمری تارمایی حەمەت لە کۆڵ نابێتەوە)) قاچت دەترازێ دەکەویتە حەوشەکەوەو لەهۆش خۆت دەچی.

*کۆپلە شیعرێکی برای شاعیرم کاك (قوبادی جەلی زادە)یە.

2003/3/24 سلێمانی